زنجیرە کتێبی
خەونە گەورەکانی منداڵان

# مەهاتما گاندی

# مەهاتما گاندی


نووسەر: ماریا ئیزابیل - سانچیز فیگارا

وێنەکان: ئەلبێرت ئارایاس

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: نەرمین عوسمان

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

نۆبەتی چاپ: 2022

تیراژ: 500 دانە

نرخ: 3000 دینار

چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

لە بەڕێوەبەریتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (١٨٩٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (36)

ماریا ئیزابیل – سانچیز فیگارا

# مەهاتما گاندی

وێنەکان: ئەلبێرت ئارایاس

لە عەرەبییەوە: نەرمین عوسمان

2022

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

# ئینستتیوتی نارین

ئینســتتیوتێکی کوردســتانیی، قازانجنەویســتە. کاری ســەرەکی؛ ئەنجامدانــی توێژینــەوە و بەدواداچوونــی پرســە هەنووکەیــی و نیشتمانییە گرنگەکانە. هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان، ســازکردنی کۆڕ، ســمینار و کردنەوەی خولی زانستی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی پێیەتی.

ئینستتیوتی نارین ساڵی 2013 لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.


ئەمە چیرۆکی کوڕێکی بچووکە بە دڵێکی زۆر گەورەوە.
ئەو کوڕە ناوی موهانداس بوو، ژیانێکی زۆر سادە دەژیا لە شارێکی هیندستان لە نزیک ڕۆخی دەریا، بەناوی بوربەندەر.







موهانـــداس لـــه دایکییـــەوە فێـــر بووبوو کە سەرڕاست و دەستپاک بێت و بەردەوام ڕاستیی بڵێت. خەونی بە جیهانێکەوە دەبینی کە تیایدا هیچ کەسێک ڕووبەڕووی ئازار نەبێتەوە، هەر کەسێکیش باشترینی بۆ هەمووان بوویێت.





کاتێک تەمەنی گەیشـــتە 19 ساڵ، موهانداس بەرەو لەندەن ڕۆیشت بۆ ئەوەی بچێتە کۆلێجی ماف. ئەوکات وڵاتەکەی (هیندستان) لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتـــی بەریتانیادا بوو.

مانـــەوەی لە لەنـــدەن، دەرفەتی بـــۆ ڕەخســـاند کە زۆر شـــت لە بـــارەی ڕۆشـــنبیری و کولتووری بەریتانییەوە شارەزا ببێت.





دوای ئەوەی موهانداس بڕوانامەی لە مافپەروەریدا بەدەســـتهێنا، چوو بۆ باشـــووری ئەفریقـــا بۆ ئەوەی لەوێ کاری پارێـــزەری بکات، بەڵام کاروبارەکان ئاسان نەبوون سەبارەت بە هیندییەکان لەو وڵاتە.



ڕۆژێکیان، لە شـــەمەندۆفێردا دەرکرا، چونکە نەیدەویست لە فارگۆنە نمرە یەکەکانی تایبەت بە گەشتیارە سپیپێستەکان بچێتە دەرەوە.






موهانداس بڕیاری دا بە ڕێگەی تایبەتیی خۆی ڕووبەڕووی ئەو ستەمانە بێتەوە. لە ناوەڕاستی ڕێگەدا بە بێ دەنگی دانیشت. ئەوەندە نەبرد هەزاران کرێکاری هیندی چوونە پاڵی.
ئەوەش یەکەم بزووتنەوەی بەرەنگاربوونەوەی ناتوندوتیژانە بوو لە مێژوودا.





ماوەی زیاتر 20 ساڵ، موهانداس و هەوادارانی کاریان دەکرد بۆ باشترکردنی مافەکانی هیندییەکان لە باشووری ئەفریقا، بەڵام ئیتر دەیویست بگەڕێتەوە بۆ هیندستان و پێشڕەوی وڵاتەکەی بکات بۆ ئازادبوون لە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی.



کاتێک موهانــداس گەڕایەوە وڵاتەکەی، وازی لە قاتە بەریتانییە گرانبەهاکەی هێنا و بەرگی سادەی کولتووریی هیندیی کردە بەری.



ئەمەش شێوازی تایبەت بە خۆی بوو بۆ ئەوەی پشتیوانیی بۆ گەلەکەی دەرببڕێت.



بزووتنەوە ئاشتیخوازەکەی موهانداس بە هەموو هیندستاندا بڵاو بووەوە. هەوادارانی بەرهەڵستییان لە یاسا چەوسێنەرەوەکانی بەریتانیا دەکرد و بایکۆتی کارکردن و هاوکاریی حکومەتیان دەکرد.






کاتێــک بەریتانیا نرخی خوێی بەرز کــردەوە تا ئەو رادەیەی کە کڕینی قورس بوو، موهانــداس وەک نارەزایی دەربڕینێک بە پێ 241 میل بەرەو زەریای هیندی ڕۆیشت.



به دەستی خۆی خوێی دەرهێنا بۆ ئەوەی پێشکەشی گەلەکەی بکات.
ئەم رەفتارە، بەجوانترین شێواز هەموو جیهانی هەژاند.





موهانداس چەندین جار خرایە زیندانەوە بەهۆی ئەوەی ئەو جۆرە بەرەنگاربوونەوانەی رێک دەخســـت. لەو کاتـــەی کە لە زیندانندا بوو، چەند کەســێکی نزیک و خۆشەویستی مردن. بۆ داواکردنی ئازادبوونی، موهانداس مانگرتن لە خواردنی هەڵبژارد.




PRISON

بەریتانییەکان ترسان لەوەی موهانداس لە زینداندا بمرێت، بۆیە بڕیاریـــان دا ئازادی بکەن. لەو رۆژەدا، بـــەو بۆنەیەوە هەژار و دەوڵەمەند بەیەکەوە ئاهەنگیان گێڕا وەک یەک گەل.



گەلی هیندستان نازناوی مەهاتمایان لێ نا،
کە بە واتای «ڕۆحی مەزن» دێت.



بوو بە باوکــی گەلی هنید و یەکێک لە مەزنترین ســەرکردەکان کە داوای دادپەروەردی و مافی مرۆڤی لە جیهاندا دەکرد.





مەهاتمـــا، ئەو کوڕە بچووکـــە خاوەن دڵە گەورەیـــە، وانەیەکی دا بەوانەی ئومێدی داهاتوویەکی باشتر و گەشتر دەکەن: هەندێک جار، هێزی ئاشتی بەسەر توندوتیژیدا زاڵ دەبێت.



هەرکەسەو خەونی جیاوازی هەیە

کەواتە خەونی تۆ چییە؟

دەتوانیت لێرەدا بە راوێژ لەگەڵ خێزانەکەت خەونەکەت بنووسیت:

**ئەگەر داوات لێبکەین،**

**دەتوانیت لە بارەی خەونەکانتەوە وێنەیەك بکێشیت:**

## مەهاتما گاندی

(1948 – 1869)

لە گەنجیدا، موهانداس خەونی بە یەکێتیی گەلان و هەموو ئایینەکانەوە دەبینی. ئەم بیرۆکەیە هاندەری گاندی بوو، پێشڕەویی بزووتنەوەکانی بەرهەڵستیی ئاشتییانەی کرد بۆ ئازادکردنی هیندستان لە دەسەڵاتی بەریتانیا و یەکخستنی وڵات، هەروەها سـنووری بۆ توندوتیژی و چەوسانەوەی دانا.

بەهۆی ئازایەتی و بیرکردنەوەی ئازادانە، بوو بە یەکێک لە بەناوبانگترین هێماکانی ئاشتی لە جیهاندا و بە «مەهاتما»، یاخود «رۆحی مەزن» ناسرا.